ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
1-11-2007 23:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردی خاک پەروەر ... شێروان بێ دڵ

لەکاتی تەنگانەدا
چۆن نایەمە هاوارت!
بە خوێنی سوور ئاودەدەم
گوڵی سووری بەهارت
دوژمنێک منی نەوێت
چۆن دەبمە هاوسەنگەری!
دارێک کەکرمن نەبێت
پڕ کرم نابێت بەری
من لە ڕێی ڕاستی دەڕۆم
هێزی گەلە باوەڕم
دوژمن لەسەنگەر هەڵات
ناوێرێ بکا شەڕم
سوێندم بە خاکی گەورە
بە کەرکوکی خوێناوی
بەیداخی گەل هەڵدەگرم
با دوژمن کوێربێت چاووی
لە پێناوی ئازادیت
دەسوتێنم سەنگەری
دوژمنی زۆردار هەردەم
تیرۆرە خێر و شەڕی
بە هیچ هیزێک ناگلێم
ڕەش نابێت ڕووناکی ڕێم
دوژمنێک دژی من بێت
دەبێ بیخەمە ژێر پێم
لە پێناوی ئازادیت
دەڕژێنم خوێنی گەرم
لە سەنگەری شەڕەفدام
من کوردی خاک پەروەرم
لەکاتی تەنگانەدا
چۆن نایەمە هاوارت!
بە خوێنی سوور ئاودەدەم
گوڵی سووری بەهارت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.